## بەڵێ بۆدەستور ئەرکی سەر شانی هەرکوردێکی دڵسۆزە ... جەمال فەتاح

لەهەر نیشتمانێکدا یاسای بنەڕیتی وهەمیشەیی نەبوو ستەم وزۆرداری جێگای ئەگرێتەوە. سەدام ورژێمەکەشی نمونەی ئەو بێ یاسایی وبێدەستوریە هەمیشەییەی ئێراق بوون کەبەوسیتی خۆیان یاساودەستوری کاتیان دەر ئەکرد بەناوی سەدام و (مجلس القیادە السورە) بەتایبەتی بۆقەلاچۆکردنی کورد. ئێمەی کورد بمانەوێ ونەمانەوێ لەم قۆناخەدا تائەوکاتەی چرای سەوز بۆکورد هەڵئەکرێت بۆبڕیاری سەر بەخۆیی ئەبێت لەئێراقدا بژین. ئەوکاتەش تاکوئێستا نادیارە بۆیە ئەبێت کورد دەنگ بەم دەستورە هەمیشییەی ئێراق بدات وەبەوتەی بێکردەوەو وشەی بریقەداری هەندێک لایەن وخەڵکی ڕادیکاڵی کەم ئەزموون نابێت جەماوەری گەلەکەمان ولەسەروی هەموانیشەوە ڕۆشنبیران بەشەوارە بکەون ودودڵبن لەدەنگدان بۆدەستور. من بەناوی خۆم سەرجەم کەسایەتیە نیشتمان پەروەرو نەتەوەییەکانەوە داوالە جەماوەر بەگشتی وڕۆشنبیران ئەکەم بەتایبەتی کەدەنگی خۆتان بەدەستور بدەن لەبەر ڕوناکی ئەم چەندخاڵە. 1-کاتی دارشتنی ئەم دەستورەو بەئێستاشەوە هەتا هەڵبژاردنە گشتیەکانی مانگی 2006/1 کورد لەپەرلەمان ولەحکومەتی ئێراقدا لیستی دووەمە واتە بەپلەی دووەمی دەسەلات دێت لەسەر ئاستی ئێراقدا لەبەر ئەوەی لەهەڵبژاردنی ڕابردوودا سونەکان دەنگیان نەدا بۆلیستەکەی خۆیان بۆیە لیستی سونەکان بەسەرۆکایەتی گازی الیاوەر تەنها 5 کورسی پەرلەمانیان بەدەست هێنا. 2- ئەم جارە نەک هەموسونە دەنگی خۆیان ئەدەن بەلیستی سونە بەڵکو ئەتوانم بڵێم هاوکاری وپشتگیری ئابوری وورەیی مرۆیی هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکانیشیان لەپشتە. جادیارە ئێستا کەتەنها 5 کورسیان بەدەست هێناوە بەهیچ داناکەون وبەهەمووتوانایان دژایەتی ئەوپرۆژە دەستورەو لەسەروی هەموشیانەوە مافەکانی گەلی کورد ئەکەن ئەگەر ئەم جارە ولەوهەڵبژاردنە نوێیەدا دەنگی تەواوی خۆیان بەدەست بێنن ئەوە دیارە پەڕ بەمافەکانی کوردەوە نایەڵن. 3-دیارە ئەگەر ئەم دەستوورە دەنگی تەواوی پێنەدرێت وپەسەن نەکرێت ئەوە هەم پەرلەمان هەڵئەوەشێتەوە وهەم حکومەتی ئێراقی وهەم دەستورەکەش هەڵئەوەشێتەوە ئەوسا پێویستە هەڵبژاردن بکرێتەوە لەسەرانسەری ئێراقداو جارێکیکە دەستور دابڕێژرێتەوە وئەوکاتە سونەکانی ئێراقیش دەسڵاتی تەواوی خۆیان ئەبێت لەداڕشتنەوەی دەستوورەکەدا جالەئێستاوە دیارە چارەنوسی کورد لەودەستورە نوێیەو لەدەستورەی ئایندەدا چەند کزۆڵو لاواز ئەبێت. جابافێل لەخۆمان وگەلەکەشمان نەکەین وبەدەستی خۆمان گەلی کوردستانی باشور نەخەینەناو گێژاوێک کەبەئاسانی لێی دەر نەچێت باهەمووکورد بچێت زۆر بەجۆشوخرۆشەوە دەنگ بۆئەم دەستوورە بدات ولەگێژاوی عەرەبی سونە ڕزگاری بکەن. 4-ئەگەر وەکو باسێکی دیموکراسی ڕووت بۆمەسەلەکان بچین ئەوە هەرکەس ئازادە دەنگ بەهەر پرۆژەیەک بدات یان نەیدات، بەڵام کێشە چارەنوس سازەکان پێویستە هەموکورد یەکدەنگ بین لەسەری لەپەسەنکردنی ئەم دەستورەدا نابێت بەرژەوەندی تەسکی پارتایەتی یان ئایدۆلۆژی تەسک ڕۆڵی خۆی دابنێت لەسەر هەر تاکێکی کۆمەڵگا، واتا ئەگەر پارتەکەی من لەکوردستان دەسڵاتدارنیە یان ئایدیاکەی من لەکوردستان دەسەڵاتدار نیە ئیتر هانی لایەنگرانی پارتو ئایدیاکانمان بدەین نەچن بۆدەنگدان ئەمە نەک هەڵەیە بەڵکو بەتاوانیش ئەژمێردرێت بۆهەر کوردێک ولایەن ودەستەیەک کەهانی خەڵک بدەن نەچن بۆدەنگدان. 5-ئەگەر لە2005/10/15 ئەم دەستورە پەسەن نەکەین چاوەڕیکردنی فیدڕاڵی بۆکوردستان وگەڕانەوەی کەر کوک

بۆباوەشی نیشتمان چاوڕانییەکی زۆر لاوازئەبێت، بۆیە دەنگ نەدان بەم دەستورەو هاندانی جەماوەر بۆدەنگ نەدان بەم دەستورە بەتاوان دێتە ژماردن بەرانبەر بەمافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردستانی باشور بەتایبەتی ونەتەوەکەمان بەگشتی. 6-بەداخەوە لەهەندێک لایەن بەیان وئاگاداری بڵاو ئەکرێتەوە دژی ئەودەستورە وهانی خەڵک ئەدەن کەدەنگی نا بۆدەستور بدەن، وەک یەکێتی کۆمەنیستەککانی ئێراق. دیارە لەڕابردوودا ئێمەی لایەنە نیشتمانی وشۆڕش گێڕەکانی کوردستانی باشور گیرمان بەدەست ئەم برادەرە کۆمەنیستانەوە بەوە خوارد بوو کەکوردیان لەئێراق ورژێمی سەدام حسەین پێلۆز ئەکردو ئەیان وت ئەبێت ئێراق چییەتی بکەین یان جەنگو بەرگری کوردیان دژی ڕژێم بەکفر ئەژمارد، ئێستاش لەژێر ناوی ئازادی ومافی چارەی خۆنوسیندا بوایە بۆکورد هانی خەڵک ئەدەن کەنەچن دەنگ بدەن بەدەستور. ئەمەش دیارە بانێکەو دووهەوا. بۆیە ناچارم پێتان بڵێم ئێوەیەک خێری نانێکتان بۆکورد نەبووبێت وفیشەکێکتان لەسەرمافەکانی کورد نەتەقاندبێت، هەرگیز بەخەمی مافی نەتەوایەتی کوردەوە نەبووبن وەک بەئێستاشەوە بەخەمی مافەنەتەوایەتیەکانی کوردەوە نین. ئێتربەکام یاسا ماف بەخۆتان ئەدە؟کەداوالەخەڵکی کورد بکەن نا بەدەستور بڵێن، یان ئەوەکام کوردبێت سەری لێبشێوێت وبەو وتانەی ئێوە بڵێت بەڵی؟.

7- لەکۆتاییدا بۆئەوەی چیتر گەلی کوردستانی باشور توشی تراژیدیانەبێت، بۆئەوەی چیتر گەلەکەمان توشی ئەنفالو کیمابارانی نەبێتەوە، بۆئەوەی چیتر شاروگوندەکانی کوردستان نەڕوخێن ونەسوتێن، بۆئەوەی جارێکیکە خوێنی ڕۆڵەکانی کورد نەڕژێت، بۆئەوەی گەلەکەمان بەئاسودەیی بژیەت، بۆئەوەی مافی فیدراڵیەت بگەلی کوردستانی باشورو بۆئایندەی نەتەوەکەمان لەگشت پارچەکانی کوردستاندا لەدەست دەر نرچێت، بۆئەوەی چیتر گەلەکەمان لەترسو دڵەڕاوکێ ومالۆیرانیدا نەژیەت پێویستە هەموکورد دەنگ بەدەستور بدات. باچیتر بەوتەی نارەوای دوژمنانی نەتەوەکەمان بەشەوارە نەکەوین، باهەموومان برۆین بۆسەر سندوقەکانی دەنگدان ودەنگ بدەین بەئایندەی ڕوونی گەلەکەمان دەنگ بدەین بە ئایندەی بنەماڵەی شەهیدە سەربەرزەکان، دەنگ بدەین بەبنەماڵەی ئەنفال کراوەکان دەنگ بدەین بەبنەماڵەی شەهیدانی هەڵەبجەو گشت کیمیاوی لێدراوە کانی کوردستان، جەماوەری خۆشەویست باهیچ درۆو بوختانێکی کەسانی دۆڕاو وقین لەدڵ وبەرژەوەندی پەرست کارمان تێنەکات بابەدەستی خۆمان چارەنوسی خۆمان ونەتەوەکەمان دیاری بکەین بابچین بۆسەر سندووقەکانی دەنگ دان وبەبەڵی دەنگ بدەین بۆئەو دەستورەی کەچارەنوسی گەلەکەمانی پێوە بەستراوە، بابچین دەنگ بدەین بۆخەبات وقوربانیدان دەنگ بدەین بۆپێشمەرگەقارەمانەکانی کوردستان دەنگ بدەین بەشەهیدە سەر بەرزەکانی کوردستان بۆئەو دەنگ دانە نابێت هیچ شتێکو وتەی هیچ کەس کۆڵمان پێبدات دڵنیاشبن سەرکەوتن هەر بۆئێوەیە. .

جمال فتاح

2005/10/12

لەندەن